**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری ژمـارە (١٤)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٢ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:-

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**چوارەم: بریکاری وەزارەت:** بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**شەشەم: دەستە:** دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

**حەوتەم: سەرۆکی دەستە:** سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

**هەشتەم: ئەنجومەنی بەڕێوەبردن:** ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

**ماددەی (٢): ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:-**

**یەکەم:** پەرەپێـدانی خزمەتگـوزارییە گشـتییەکانی شـارەوانی و پەرەپێـدانی ئاسـتی خزمەتگـوزارییە جیاوازەکانی شارەوانی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە.

**دووەم:** پاراستنی ژینگەی هەرێم بە شێوەیەکی خاوێن و تەندروست، بایەخـدان بە نـاوچە و پانتـاییە سـەوزاییەکان، دروسـتکردن و بەردەوامیـدان بە پەرەپێـدانی پـاڕک و بـاخچە و نـاوچە سەوزاییەکان، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

**سێیەم:** کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە، و هاندانی وەبەرهێنان لە ڕێـگەی جێبەجێکردنـی پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەسـتەی وەبەرهێنـان لە هەرێمـدا، لە چوارچێـوەی یاسـا بەرکارەکان، بەشێوەیەک ببێتە مایەی پێشکەوتنی ئابووری و فەراهەمبوونی هەلی کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان.

**چوارەم:** پلانـدانان، ڕێکخسـتن، ئاڕاسـتەکردن، بەدواداچـوون، پەرەپێـدانی چـالاکی گەشـتوگوزاری، پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان، پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو و هاندانی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە.

**پێنجەم:** کـارکردن بـۆ پەیڕەوکردنـی بنەمـای هاوبەشـی کەرتـی گشـتی و تـایبەت لە جێبەجێکردنـی پرۆژەکان، بەشێوەیەک کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییدا بێت.

**شەشەم:** پەرەپێدانی گەنجینەی شارستانی کولتووری، بەشێوەیەکی بەرپرسیار و هاوسەنگ، لەڕێـگەی ئەنجامـدانی ئەرکەکـانی ڕووپێـوی و دەستنیشـانکردن و هەڵکـۆڵینی زانسـتی ورد، لەهەمـوو شوێنەوارەکان، و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێن و ناوچانە لەسـەر بنەمـایەکی بەردەوام، بە ئامانجی پیشاندانی سیما شارستانییەکانی هەرێم.

**ماددەی (٣): ئەرکەکانی وەزارەت بریتین لە:-**

**یەکەم:** داڕشـتنی سیاسـەتی نەخشـەدانانی ئـاوەدانی لە ڕێـگەی ئامـادەکردنی نەخشـەی بنەڕەتـی (ماستەرپلان)، و نەخشەی کەرتیی بۆ شـار و شـارۆچکەکانی هەرێـم لەسـەر بنەمـای زانسـتی، و پاڵپشت بە ستانداردی نەخشەسازی، بۆ ئەوەی نەخشە و بەکارهێنانی جۆراوجـۆری زەوی ببێـتە پاڵپشتی پەرەپێدانی شارستانی و ئابووری هەرێم.

**دووەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکـانی شـارەوانی و دروسـتکردنی ڕێگەوبـان و پـرد و تونێـل لە سنووری شارەوانییەکان، بە شێوەیەک ببێتە مـایەی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی هاوڵاتیـان و خۆشگوزەرانی دانیشتوان.

**سێیەم:** سەرپەرشـتیکردن و چـاودێریکردنی پـلان و پرۆژەکـانی شـارەوانییەکان و فەرمانگەکـانی وەزارەت لە شارو شارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شـارەوانییەکان، کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا دەردەچن.

**چوارەم:** دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی ئاو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بـۆ هاوڵاتیان.

**پێنجەم:** دروستکردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس و ئاوی بـاران لەگەڵ دروسـتکردنی وێسـتگەی تایبەت بۆ دووبارە پاککردنەوەی ئاو.

**شەشەم:** سەرپەرشـتی و بەدواداچـوونی جێبەجێکردنـی نەخشـەی کەرتـی و نەخشـەی سێکتەرەکانی دیکەی ناو ماستەرپلان، کە لەلایەن شارەوانییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادە دەکرێت، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانیی شارەکان.

**حەوتەم:** دانانی پلانی گونجاو بۆ پاک ڕاگرتنی ژیـنگەی هەرێـم لەڕێـی کـۆکردنەوە و چارەسـەرکردنی زانستی بۆ زبڵ و خاشاک لە شار و شارۆچکەکان.

**هەشتەم:** پلانـدانان، بەدواداچـوون، پەرەپێـدانی نـاوچە گەشـتیارییەکان، چـاڵاکیی گەشـتوگوزاریی وپتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو و هاندانی سەرمایەی نیشتمانی و بیـانی بـۆ وەبەرهێنان لەم کەرتەدا، لە چوارچێوەی پلانەکانی کەرتی گەشتیاریی.

**نۆیەم:** ئەنجامدانی کاری ڕووپێوی و پشـکنین و هەڵکـۆڵینی زانسـتی ورد لە نـاوچە شـوێنەوارییەکان وپاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانە لە ڕێگەی تیمە پسپۆڕەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.

**ماددەی (٤): وەزارەت پێکدێت لە:-**

**یەکەم:**

١- **وەزیـر:** سـەرۆکی بـاڵای وەزارەتە، بەرپرسـە لە کارەکـانی و ئاڕاسـتەکردنی سیاسـەتەکانی، و سەرپەرشـتی و چـاودێری هەمـوو بڕیـار و فەرمـان و ڕێنماییەکـانی پەیوەندیـدار بە ئەرکەکـانی وەزارەت و پێکهـاتە و دەسـەڵاتەکانی و هەمـوو کاروبارەکـانی تەکنیکـی، دارایـی، کـارگێڕی و ڕێکخستن دەکات، و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانـی هەرێـم، و دەتوانێـت بەشـێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بـۆ بریکاری وەزارەت و سـەرۆکی دەسـتە یـان بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان یـان بەرپرسانی پێکهاتەکانی وەزارەت، ڕاسپێرێت.

٢- **نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەبات، کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

**دووەم:**

١- **بریکاری وەزارەت:** هاوکاریی وەزیر دەکات، لەڕووی ئاڕاستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشـتیکردنی کاروبارەکانی، لە چوارچێـوەی ئەو دەسـەڵاتانەی لەلایەن وەزیـرەوە پێـی دەبەخشـرێت، و دەبێـت لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

٢- **نووسـینگەی بریکـاری وەزارەت:** فەرمانبەرێـک بە پـلەی بەڕێـوەبەر بەڕێـوەی دەبـات، کە دەبێـت لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

**سێیەم: ڕاوێژکاران:** پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن و لانیکەم هەڵگری بڕوانـامەی بەرایـی زانکـۆیی بـن، ونابێت ژمارەیان لە (٤) چوار ڕاوێژکار زیاتر بێت.

**چوارەم: بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییەکان:** بـریتین لەم بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییانەی خـوارەوە، و هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکـۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت:

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون.

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان.

٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان، لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە، و سەرپەرشتیارن لەسەر شارەوانییەکانی قەزا و ناحیەکانی هەرێم.

**پێنجەم: سەرۆکایەتیی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم:** سەرۆکی ئەم شارەوانییانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن.

**شەشەم: دەستەی گەشتوگوزار:** خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی، و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێت، و پێکدێت لە:

١- **سەرۆکی دەستە:** فەرمانبەرێکە بە پلەی تایبەت کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕێتی بێت لە بواری گەشتوگوزار، و سەرۆکایەتی دەستە دەکات.

٢- **نووسینگەی سەرۆکی دەستە:** فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەیدەبات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

٣- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٤- بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستە، کە بریتین لە:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان.

ب - بەڕێوەبەرایەتی دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان.

هـ - بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.

و- بەڕێوەبەرایەتی بە بازاڕکردنی گەشتیاری.

ز- بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و جۆری و پشکنین.

ح - بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری.

ط- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری.

٥- ئەنجومەنی بەڕێوەبردن:-

أ- پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

- سەرۆکی دەستە/ سەرۆک.
- بەڕێوەبەرانی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان/ ئەندام.

- دوو لە ڕاوێژکارانی وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێن/ ئەندام.
- بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ/ ئەندام.
- بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ ئەندام.
- بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ ئەندام.
- بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان/ ئەندام.

ب - بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەزۆرینەی دەنگ دەردەچێت، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکان بابەتەکە لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە یەکلادەبێتەوە کە سەرۆکی دەستە دەنگی بۆداوە، ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە تەرخانکردنی زەوی دەبێت لەلایەن وەزیرەوە پەسەندبکرێت.

ج - سەرۆکی دەستە دەسەڵاتی هەیە هەر پسپۆڕێک لەناو دەستە یان لە دەرەوەی بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، بۆ مەبەستی ڕاوێژکاریی و لەکاتی پێویست بانگهێشت بکات، بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** وەزارەت ئەنجومەنێکی دەبێت کە پێکدێت لە:-

١- وەزیر/ سەرۆک.
٢ - بریکاری وەزارەت/ ئەندام.
٣ - سەرۆکی دەستە/ ئەندام.
٤ - ڕاوێژکاران/ ئەندام.
٥ - بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت/ ئەندام.

**دووەم:** وەزیر دەسەڵاتی هەیە، هەر کەسێک لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی، بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، بۆ مەبەستی ڕاوێژکاری و لەکاتی پێویست بانگهێشت بکات، بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە کارگێڕییەکان، و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت.

**چوارەم:** کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن، یان لەکاتی پێویست بە بڕیاری وەزیر، ساز دەکرێن.

**پێنجەم:** ئەنجومەن تاوتوێی پلانەکانی وەزارەت و کێشە و گرفت و بەربەستەکان دەکات و ڕاوێژ و پێشنیارەکان پێشکەش بە وەزیر دەکات، بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی توانستی وەزارەت و بەرز ڕاگرتنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و لابردنی بەربەستەکان.

**شەشەم:** کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەک بڕیاری وەزاری هەژمار دەکرێت، دوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی، کە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕێتین لەناوخۆی هەرێم، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت، بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم، واژۆ بکات.

**دووەم:** بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کەسانێک لە دەرەوەی هەرێم پێویستە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی لەسەر وەربگیرێت، جگە لەو گرێبەستانەی کە بە یاسا ڕێکخراون.

**ماددەی (٧):** وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتەکایەوە یان هەڵیانبوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

**ماددەی (٨):** ئەرک و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٢) ی ساڵی (٢٠١٠) هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** ئەو ڕێنماییانەی کە لەبەر ڕۆشنایی یاسای هەڵوەشاوەدا دەرچوون بەردەوام دەبن لە کارپێکردن، بە مەرجێک دژیەک نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی ڕێنماییەکی تر جێگەیان دەگرێتەوە.

**ماددەی (١٠):** وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١١):** پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی(١٢):** کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (١٣):** ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بەهۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکانی هەرێم، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازی و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بن لە شار و شارۆچکەکاندا، و بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانی حکومەت بۆ دانانی پەیکەرێکی کاریگەر و گونجاو و بەپێی پێداویستیی هەنووکەیی بۆ بەرژەوەندی گشتی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٤/ ٨ /٢٠٢٢**